گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# رۆڵی گوتاری رۆژنامەوانی کوردی لە سەرختستی پرۆسەی ریفراندۆمدا

# رۆژنامەی خەبات بە نموونە

**هاوکار یاسین شریف**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

hawker.sharif@epu.edu.iq

**پ.ی.د. مەغدید خضر ئەحمەد سەپان**

بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق .

magded.sapan@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/١

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٤/٣

بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

*Journalist's speech, role, sermon, process, referendum.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.15

## پوختە

توێژینەوەکە تیشکی دەخاتە سەر پرۆسەی ریفراندۆم کە لە 2017/9/25دا لە کوردستان بەڕێوەچوو و ڕێژەیەکی زۆریش لە خەڵکی کوردستان بە کوردو کەمە نەتەوەکانی دیکە دەنگیان پێدا، سەربەخۆیی و ریفراندۆم و ویستی جیابوونەوە لەگەڵ سەنتەر، خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی کەم وێنەیە. ئەم توێژینەوەیە باس لەکێشەیەك دەکات و توێژەر دەیەوێت ئەو بابەتە لەرێگەی توێژینەوەکەی روون بکاتەوە، ئەویش گوتاری رۆژنامەگەری کوردی و گوتارەکانی رۆژنامەی خەبات بەتایبەتی لە رووماڵکردنی ئەو پرسە، رۆژنامەی خەبات رۆژنامەیەکی رۆژانەیەو زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانەو بەزمانی کوردی دەردەچێت، توێژەر دەیەوێ بزانێت کە ئایا ئەو رۆژنامەیە چەندە توانیویەتی لە دەرخستن و زەقکردنەوەی ئەو پرسە لەرێگەی وتارەکانیەوە سەرکەوتوو بێت و رەهەندەکانی ئەو پرسەی لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا بخاتەبەر دیدی خوێنەرانییەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە، زانینی ئاستی کاریگەری ئەو گوتارانەو سەرکەوتنی (رۆژنامەی خەبات)ە بە پلان و کاری پیشەیی دەزگاکە لەماوەی بانگەشەکەدا. و هەروەها دەرکەوتنی رادەی رۆڵی ئەو گوتارو

چاوپێکەوتنانەی ئەو رۆژنامەیە بڵاودەکردەوە لەو ماوەیە. بۆ ئەو مەبەستە توێژەر میتۆدی وەسفی رووپێوی بەکارهێناوە، لەرێگای دروستکردنی فۆرمی راپرسی و دابەشکردنی بەسەر نموونەی توێژینەوەکە کە مەرج بێت خوێنەری رۆژنامەی خەبات بن. فۆرمی راپرسییەکە دوو تەوەری سەرەکی لەخۆ گرتووە، تەوەری زانیارییە گشتییەکان، کە دیاریکردنی رەگەز، تەمەن، شوێن، پیشە، ئاستی خوێندن، و هەروەها تەوەری دووەم تایبەتە بە گوتارەکانی رۆژنامەی خەبات و رووماڵکردنی لەماوەی بانگەشەی پرسی ریفراندم.
508 فۆرم بەسەر نموونەی تویژینەوەکە دابەشکراوە، کەبریتی بوون لە: (رۆژنامەنووس، فەرمانبەر، کاسب، سیاسی، مامۆستای زانکۆ، قوتابی)، لەپارێزگاکانی، هەولێر، بەو پێیەی توێژینەوەکە لە سنووری پایتەختی هەولێر بووەو خەباتیش هەر لە هەولێرە، بە نەگەڕانەوەی 20 فۆرم. لەئەنجامی تویژینەوەکە دەرکەوتووە کە رۆژنامەکە بە سەرکەوتوویی ئەو پرسەی لەرێگەی گوتارەکانی رۆژانەوە رووماڵی تایبەتی کردووەو پەیامی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و بە بەڵێ و نەخێر خراوەتە شیکراوەتەوە.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسـفیەو توێژەر میتۆدی رووپێوی بەکارهێناوەو فۆرمی راپرسـی دابەش بە نموونەی توێژینەوەکە کراوە بۆ زانینی رۆڵی گوتاری رۆژنامەوانی کوردی لەسـەرخسـتنی پرۆسـەی ریفراندۆم و هەروەها رۆژنامەی خەبات بە نموونە وەرگیراوەو چەند پرسـیارێکی لەنێو فۆرمەکە تەرخان کردووە بەو رۆژنامەیە، چونکە رۆژنامەو رۆژنامەگەری کارەکتەرێکی بەهێزو چالاکن لەنێو کۆمەڵگەدا بۆ ئاشـناکردنی تاکەکان بە رووداو پێشـهات و پڕ زانیاریکردنی خوێنەر بە پرسی رۆژ و بەتایبەت دۆزە چارەنووسسازەکاندا.
بۆ پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی لەهەر وڵاتێکدا، پێویستە جیا لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە، ئامرازەکانی راگەیاندن کە دەسەڵاتی چوارەمن ئەو پەیامانەی تایبەتن بەو پرسە شۆڕبکاتەوە خوارەوە تاکو تاك بە تاکی کۆمەڵگە ئاشنای رەهەندەکانی ئەو پرسە بن کە زۆر گرنگە بیزانن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کوردستاندا بەتایبەت زیاتر ناسینی ئەو پرسەو پتەوکردنی تێگەیشتن لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە پێویسـت دەزانرێت، چونکە ئەمڕۆ کوردسـتان لەڕووی جوگرافیاوە گەمارۆی وڵاتانێکە کە چاویان بڕیوەتە دەسـتکەوت و ژێرخان و بن خانی و وەکو گەلێکی چاو نەترس بەشـۆڕش و قوربانیدانی خۆمان قەوارەیەکی مەزنی دروست کردووە کە بۆتە مایەی سەرنجی دونیا نەك بەتەنها لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدرێت تیشك بخرێتە سەر رۆڵی رۆژنامەی خەبات کە ئایا توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە بڵاوکردنەوەی گوتاری تایبەت بە پرسی ریفراندۆم و دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی. ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەیە کە بریتیە لە کێشەی توێژینەوەو گرنگی توێژینەوەو ئامانجی توێژینەوەو و پرسیارەکانی توێژینەوەو کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەو و رێبازو میتۆدی توێژینەوە.

بەشی دووەم:. چەمك و پێناسەو خەسڵەت و ئامانجی و شیکردنەوەی گوتاری رۆژنامەوانی خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە بە پەیکەر بەندی کاریگەرەکانی دەزگا راگەیاندنەکان دادەنرێت.

بەشی سێیەم:. لەم بەشەدا توێژەر باسی لە گوتاری سیاسی و رێکخستنی ئەو گوتارەو بنەماکانی دەکات بەو پێیەی گوتار لەسەر ریفراندۆم دەچێتە قاڵبی سیاسەتەوە، و هەروەها باس لەو دەزگایانە دەکات کە بوونەتە سەکۆیە بۆ گوتاری سیاسی و پشت بەستن بە گوتاری سیاسی و هۆکاری پشت بەستن چییەو چۆن دەبێت.

بەشی چوارەم:. زانیارییەکی مام ناوەند لەسەر رۆژنامەی خەبات خراوەتەڕوو و هەروەها لایەنی مەیدانی کە تایبەتە بە کاریگەرییەکانی گوتاری رۆژنامەوانی لەسەر خوێنەر و ئایا رۆژنامەکە بەئەرکی خۆی هەڵساوە لەماوەی بانگەشەی ریفراندۆم و دواتر دەرەنجام و پێشنیارەکان و راسپاردەش خراوەتەڕوو.

بەربەرستەکانی بەر دەم ئەم توێژینەوە، ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دەستی مرۆڤە بە پشت بەستن بە چەند کارێکی پێشووی مرۆڤەکانی تر، بۆیە بێ کەموکوڕی نییە و بە دڵنیاییەوە کەموکوڕی تیایە، چونکە هیچ کارێکی مرۆڤ کامل نییە، لەسەر ئەو بنچینەیەی کە لەمێژە گوتراوە هەر کارێك بێ کەموکورتی نابێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوە:

بێگومان ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان بابەتێکی زۆر گرنگە، ئەگەر هاووڵاتیان درك بە گرنگی ئەم بابەتەو تێگەیشتن لێ بکەن، بێگومان ئەوەش بێ ئەرزشێك دروست نابێت لەلای هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، تەنها ئەوە نەبێت کە شارەزایان و سیاسییەکانی وڵات ئەم پرسە لەدوو توێی گوتارەکانیان و لەڕێگەی میدیاوە پەخش و بڵاو بکرێتەوە بۆ هاووڵاتیان، ئایا ئەوە چەندە کراوە؟ کێشەی توێژینەوەیە بریتە لە (رۆڵی گوتاری رۆژنامەوانی کوردی لە سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆمدا)دا، توێژەر دەیەوێ ئەوە بخاتەڕوو کە ئایا لەڕێی گوتاری رۆژنامەوانی کوردییەوە، ئایا رۆژنامەی خەبات توانیویەتی رۆڵی هەبێت یاخود رۆڵی هەبووە و تا چ ئاستێك بووە لە دروستبوون و چەسپاندنی پرسی بەڵێ بۆ ریفراندۆم لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و ئایا سەرکەوتوو بووە، و ئایا کۆمەڵگەش توانیویەتی ئەو هەستەی لەلا دروست بێت کە گوتارێك هەیە و ئاراستەی ئەم دەکات بە لای پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی..

### گرنگی توێژینەوە:

- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە لەگەڵ هەبوونی چەند جۆرێك لەو توێژینەوانە لەسەر پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کە کراوە و لەگەڵ زیادبوونی هەموو ئەو دەزگاو ئامرازە زۆرانە گرنگە بزانین تا چەند توانراوە زەمینەی گۆڕانکاری لەئەقڵیەتی تاکی کورد بڕەخسێنن و جێ پەنجەیان دیاربێت لەو گۆڕانکارییانەی کە گەرەکە بکرێن لەڕێگەی درك پێکردنیان بۆ پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم لەبوارەکانی کەلتووری و رۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و..تد. و
- گرنگە بزانین ئەو وتارانە چەندە رێژەی هۆشیاری و هەستی نەتەوەییان لەلای تاکی کورد بەرز کردبێتەوە.
- جگە لەمانە ئەم توێژینەوەو چەندان توێژینەوەی تری لەم چەشنە رۆڵ و سوودو گرنگی خۆی هەیە بۆ تاکی کورد، تاکو لەم دۆخەدا کە چواردەورەمان بە دوژمن و کەسانی نامۆ تەنراوە.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە:

ئەو گوتارانەی لەو ماوەیەی بانگەشەی راگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، چەندە تایبەت بوونە بە پرسی ریفراندۆم و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی.

بزانێت لەدوای خوێندنەوەی گوتارەکانی تایبەت بە ریفراندۆم، تاکەکان چەندە هۆشیاری بوونەتەوە و خۆیان بۆ ئەو پرسە ئامادەکردووە.

زانیاری تەواو سەبارەت بە هەموو رەهەندەکانی ئەو پرسەیان دەست کەوتووە لەرێگەی وتارەکانی بڵاوکراوە لە رۆژنامەی خەبات.

### پرسیارەکانی توێژینەوە:

1. رۆژنامەی خەبات سەرکەوتووانە بانگەشەی راگەیاندنی پرسی ریفراندۆمی ئەنجامدا؟
2. پەیامەکانی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە ریفراندۆم روون بوون و پرسی ریفراندۆم بەزمانێکی ئاسان خرابوونەڕوو؟
3. رووماڵی رۆژنامەکە تێگەیشتنی جەماوەری بۆ پرسی بریفراندۆم دەوڵەمەندتر کرد.
4. شیکردنەوەی پرسی ریفراندۆم لەگوتارەکانی سەرۆك بارزانی و نووسەرانەوە ئاراستەیەکی ئەرێنی لەلای جەماوەر دروست کرد؟
5. بیرۆکەی ریفراندۆم لەگوتارەکانی سەرۆك بارزانی و نووسەرانەوە بەتەواوی گەیشتە جەماوەرو کۆدەنگی لەسەر دروستبوو؟
6. لەوتارەکان ریسك و مەترسییەکانی وڵاتانی دەوروبەر لەسەر کوردستان و لەئەنجامی ریفراندۆم خراونەتەڕوو.
7. لە وتارەکان پاساوی گونجانی کاتی ریفراندۆم خراونەتەڕوو.

### کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەی بریتیە لە رۆژنامەگەری کوردی کە ناوەڕۆکەکەیان بە زمانی کوردی بڵاو دەکرێتەوە، نموونەی توێژینەوە بریتیە لە رووماڵکردنی رۆژنامەی خەبات بۆ هەڵمەتی بانگەشەکردن بۆ ریفراندۆم کە لە (8/23 تاکو 2017/9/23) درێژ دەبێتەوە، نموونەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراوە، لەسەر ئەو بنەمایە لەکۆی (30) رۆژ ئەو وتارانە وەرگیراون کە لەسەر پرسی ریفراندۆم نووسراونەتەوە لە رۆژنامەی خەبات.

ڕێبازو میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفیەو میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە بە بەکارهێنانی ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، بەو پێیەی ئەم ڕێگەیە گونجاوترین ڕێگەیە کە بەکاردێت بۆ ئەو توێژینەوانەی پشت بە تیۆری شیکردنەوەی ناوەڕك بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی سەبارەت بە گوتار لە دەزگا میدیاییەکان، هەروەها توێژینەوەیەکی مەیدانییە، فۆرمی بەسەر خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات دابەشکراوە.

سنووری توێژینەوە:

ا- بابەت: گوتارە ڕۆژنامەوانییە کوردییەکان تایبەت بە پرسی ریفراندۆم.

ب – بواری مرۆیی: خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات کە لە هەولێری پایتەختی کوردستانن.

ج - بواری کات: لەماوەی (8/23 تاکو 2017/9/23).

## بەشی دووەم:

### چەمکی گوتاری ڕۆژنامەوانی:

(ئەرتیکولوس Articulus) وشەیەکی لاتینیەو بەزمانی کوردی دەکاتە بەشێك، بەشێك لە شتێك، بەشێك لە هەموو. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەڕۆژنامەنووسی هەموو نووسینێکی بڵاوکراو، دەکاتە بەشێك لەژمارەی ئەو ڕۆژەی ڕۆژنامەکە. هەر بۆیەش جگە لەبڵاوکردنەوەی چەند هەواڵێکی کورت، زۆربەی مەتریالەکانی ناو ڕۆژنامە، زۆربەی جار بە گوتار ناو دەبرێن. گوتار ئەو نووسینانە بەخۆیەوە دەگرێت کەباس لەشتێکی ئەکتوێل و پێویست دەکات و کۆمەڵ لەو کاتەدا پێویستی بە زانینی هەیە. گوتار لەژانرە گرنگەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارە، ڕۆژنامەنووس یان نووسەری گوتار، بەتێری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو دەنووسێ. لەگوتار نووسیندا ڕۆژنامەنووس بەدوور و درێژی کێشەو فاکتەکان دەخاتەڕوو و بەباشی شییان دەکاتەوە. (سەپان، 2008، ل27).

گوتار وەک ژانرەێکی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لە بەدیهێنانی ئەرک و کارو پیشەی خۆی دەبینێت و لەو ڕێگایەوە کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و جەماوەریبوونی لە بازاڕی خوێنەردا دەکات. گوتار دەکرێت وەک بیرۆکەیەک پێناسە بکرێت کە ڕۆژنامەنووسەکە دەیگرێتەبەر بۆ ئەوەی بە ستایل و شێوازی خۆی وروژاندن و چارەسەری پرسێك یاخود ڕووداێك بکات و بانگهێشتێکی خوێنەر دەکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوە لەسەری و ڕەنگە بە کردەوەش ڕۆچوون بە ئاراستەی ڕووداوەکان لە جیهانی ڕاستەقینەدا دروست بکات. (أدهم، 1979، ل179-180).

گوتار وەک ژانرەێکی رۆژنامەوانی رۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لە بەدیهێنانی ئەرک و کارو پیشەی خۆی دەبینێت و لەو رێگایەوە کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و جەماوەریبوونی لە بازاڕی خوێنەردا دەکات. گوتار دەکرێت وەک بیرۆکەیەک پێناسە بکرێت کە ڕۆژنامەنووسەکە دەیگرێتەبەر بۆ ئەوەی بە ستایل و شێوازی خۆی وروژاندن و چارەسەری پرسێك یاخود ڕووداێك بکات و بانگهێشتێکی خوێنەر دەکات بۆ بیرکردنەوە و ڕەنگدانەوە لەسەری و ڕەنگە بە کردەوەش ڕۆچوون بە ئاراستەی ڕووداوەکان لە جیهانی ڕاستەقینەدا دروست بکات. (أدهم، 1979، ل179-180).

**پێناسەی گوتاری ڕۆژنامەوانی:**

بیرۆکەیەکە نووسەر لەئەنجامی ژیانی لەگەڵ هەواڵ و بۆچوون و ئاقار و هەڵوێست و کێشە کاریگەرەکان لەسەر خوێنەر و جموجۆڵی کۆمەڵ، وەردەگرێ و هەڵدەستێ بە شیکردنەوەی و لایەنگیری خۆی یان دژایەتیکردنی بەزمانێکی ڕوون و بەشێوازێك کە کەسێتی و بیرۆکەی دەخاتەڕوو، ئەمەش لەکاتێکی گونجاودا و بە قەبارەیەك کە بگونجێ لەگەڵ جۆرو بایەخ و ئامانجەکەیدا. (کەرکووکی، 2008، ل127).

**گوتاری رۆژنامەوانی:** بابەتێکی ڕۆژنامەوانی و ئامرازێکی ڕۆژنامەوانییە کە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە سیاسەتی ڕۆژنامەکە و ڕای هەندێک لە نووسەرەکانی خۆی دەکات لە ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ئێستاو لە پرسەکانی نیگەرانی ڕای گشتیی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتیدا، هەروەها گوتاری ڕۆژنامەوانیش ئەم کارە بە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ئێستا و لێدوان لەسەریان بۆ دەرخستنی ئەو لایەن و لێکەوتەکانی جیاوازانەی خۆیان ئەنجام دەدات. (فاروق، 1990، 179).

**شێوازی بڕواپێکردنی گوتاری ڕۆژنامەوانی:** زاڵبوونی لایەنەکانی سۆزداری، ئەمەش بەم ڕێگایە ڕوون دەبێتەوە:

- شێوازی پڕۆپاگەندەیی: هەروەها زاڵبوونی یەك ڕاوبۆچوون لەجیاتی ڕای جیاواز و بۆچوونی دیکە. ئەمە کارێکی دڵخۆشکەر نییە کە مایەی گومانە لە ویژدان و سۆزی جەماوەر بەتایبەتی جەماوەری روناکبیر، هەروەها بەڵگەی رازیکەریش نییە و سوود لەو کەسایەتیانە وەرناگیرێ جێگای باوەڕن،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها لاوازی زمانی ژمارە و داتاکان لە پاڵ دابەزینی ئاستی بەرنامە زیندووەکان کە راستەوخۆ بڵاودەکرێنەوە و کەمی تواناکانی بەشداری جەماوەر لەم بەرنامە زیندووانەدا و کەمتەرخەمی لەسوود وەرگرتن لە رووداوەکان و بەکارهێنانیان بۆ بڕواپێکردن. (کوكازي، عربية، 2020)

- چارەسەرکردنی هونەری گوتاری رۆژنامەوانی: چارەسەرییەکی هونەری هەیە چی لەبارەی ئامادەکردنی دەقەکەوە، یان لەلایەن ئامادەکردنیەوە یان دەرهێنانییەوە و هونەرەکانی دیکەی وەکو مۆنتاژ و رەنگ، ئەم کێشەیە جۆرە پێشکەوتنێکی بەخۆوە دیوە، بەڵام هێشتا زۆری دیکە ماون کە دەبنە مایەی بێزاری و ئاڵۆزی لەگەڵ پشت بەستن بە چارەسەرکردنی هونەری رازیکردن کە کۆن بوونە.

- جۆرەکانی هونەری گوتاری رۆژنامەوانی، ئەمانەن: ئەو قاڵبانەن کە بابەتە رۆژنامەییەکەی تێدا دەردەکەوێت، لەڕاستیدا رۆژنامەوانی عێراقی قۆناغێکی باشی بڕیوە لەم ڕووەوە، بەڵام پێویستیان بە تازەکردنەوەی قاڵبەکانەو دوورکەوتنەوەیە لە قاڵب و شێوە کۆنەکانیدا، دواجار دەبێت سوود لە قاڵبە هونەرییە نوێیەکان وەربگیرێت و بزانرێت چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم قاڵبانە بەکار دێن بۆ خستنەڕووی کێشە و پرسە گرنگ و وروژێنەرەکان تاکو لەلایەن جەماوەرە متمانەو دواتریش رازیکردن بەدەست بهێنین و جەماوەر هەست بە دووبارەکردنەوە و بێزاری نەکات. (صلاحات، موضوع، 2018)

## خەسڵەتەکانی گوتاری رۆژنامەوانی:

گوتاری رۆژنامەوانی لەرەهاوە بەبەرهەم ناهێنرێت، هەروەها ئاراستەی رەها (مطلق) ناکرێت و هەوڵیش نادات بۆ ئەنجامدانی رەهایی، بەڵکو هەر گوتارێکی رۆژنامەوانی ئەوە بەرهەمی ڕێڕەوی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، رۆشنبیری، دیارە روو لە جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات و هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی دیاردەدات. (خضور، 2002، ل53).

گرنگترین خەسڵەتەکانی گوتاری رۆژنامەوانی باس بکەین کە بەمجۆرەیە: (الوادي، 2000، ل50).

-گوتاری رۆژنامەوانی: گوتاری قۆناغی گواستنەوەیە، هەندێکجار دەقەکان و ناوەرۆکەکان و شێوە دەلالییەکان لەناوەرۆکێکەوە بۆ ناوەرۆکێکی دیکە دەگوازێتەوە بەپێی پێویستییەکانی.

-گوتاری رۆژنامەوانی: مەبەستییە و راستەوخۆیە لە گەیاندنی ناوەرۆکەکەی لەلایەن نێرەرەوە، لەڕێگای گوتاری راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆوە، بەمەبەستی کارلێکردنی پێویست بەپێی ئامانجە دیاریکراوەکانی گوتار.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-گوتاری رۆژنامەوانی: گوتاری دەسەڵات، بیروڕای ئەو هەڵدەگرێت و بیرۆکەی ئەوە کە دەربڕینە لە دەسەڵاتی دامەزراوە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی.

-گوتاری رۆژنامەوانی ئەم کارە دەکات: گەیاندنی نامەی بەرهەمێنەری گوتار و بکەرەکەی یان پلاندانەری گوتار بۆ وەرگر بە گەورەترین کارایی بۆ پەیداکردنی کاریگەری پێویست بەشێوەی گوتاری جیاواز.

-گوتاری رۆژنامەوانی: بەدەربڕی سەرەکی دادەنرێت لە شێوە و جۆری دیکەی گوتارەکان: وەکو گوتاری سیاسی و بانگەشەیی و ئاینی.

**مەبەست و ئامانجی گوتاری رۆژنامەوانی:**

گوتاری رۆژنامەوانی پەیوەندیکردنێکی بە ئامانجە، یانی دیاریکراوە بە چەندین مەبەست و ئامانجی دیاریکراوەوە کە ئەرکی کارلێکردنی جەماوەرییە، بۆیە چەند رەگەزێك هەیە لەرۆڵی گوتاری رۆژنامەوانی، کە ئەمانەن: (عبدالجبار، 2011، ل170).

1- گوتاری رۆژنامەوانی بە ئامرازی گەشەکردن دادەنرێت.
2- گوتاری رۆژنامەوانی ئامرازێکە بۆ پروپاگەندەیە.
3- ئامرازێکە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان.
4- ئامرازی ململانێی بیروباوەڕ و بەرژەوەندییەکانە.
5- ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی.
6- چەکێکی دوو سەرەیە، یەکێکیان رۆژنامەوانیی راستییەکان، و ئەوی دیکەشیان ئامرازی شاردنەوەیە.

**شیکردنەوەی گوتاری رۆژنامەوانی:**

میتۆدی شیکردنەوەی گوتاری رۆژنامەوانی کارێکی زانستییە و متمانەپێکراوە، هەموو رۆژێکیش شوێنێکی تازە بۆ خۆی دیاریدەکات، سەرەڕای دیارنەبوونی و روونەبوونی مانای گوتار و لەیەکنەچوونی و جیاوازی ماناکانی چوارچێوە و تیۆری تایبەتی بەشیکردنەوەی گوتار، بەڵام بەگشتی پشت بەزانست و مەنهەجەکانی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، هەروەها تێکەڵ و پێکەڵ و تێکەڵاو دەبێت لەگەڵ بەشداریکردنی نوێ و رەخنەگری لەبواری زمانەوانی و رەخنەی ئەدەبیدا. و تێکەڵیەکە لەنێوانی

لێکدانەوەی زمانەوانی و سیمیۆلۆژی و سوود لە ئاراستە نوێیەکان وەردەگرێت لەرێبازە رەخنەییەکانی زانستی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیادا لەگەڵ لێکۆڵینەوە رۆشنبیرییەکان و زانستی دەروونی و کۆمەڵایەتی، و کەرەستەی شیکردنەوەی پێبدرێ کە یارمەتی دەدات لەتواناى شیکردنەوەی گوتارەکان بەگشتی و بەتایبەتی گوتاری رۆژنامەوانی. (شومان، اليوم السابع، 2015).

لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردودا بۆ شیکردنەوەی گوتار چەند قوتابخانەیەك سەریان هەڵدا و بڵاوببوونەوە و کاریگەری دیاریان هەبووە لەسەر لێکۆڵینەوە بیانی و عەرەبییەکان کە هەندێکیان بریتین لەم قوتابخانانە: (احمد، النور، 2009).

## بەشی سێیەم:

### گوتاری سیاسی:

گوتاری سیاسی کە لەسەر پرسی رۆژ یاخود رووداوە کتوپڕەکان لەکەناڵ و ئامرازەکانی راگەیاندن بڵاودەکرێنەوە، و نوخبەیەکی تایبەت هەڵدەستن بە نووسینەوەیان، بێگومان ئامانجی لەپشتەوەیە کە پەیامی هۆشیارو رۆشنفکری جەماوەر لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی ئاگاداری پرس و دۆز و رووداوەکان بن.. بەتایبەتی گوتاری رۆژنامەوانی لە پرسە سیاسییەکان کە دەکەوێتە قاڵبی گوتاری سیاسییەوە ماناو مەغزایەکی(*) تایبەت لەخۆ دەگرێت.

### پێناسەی گوتاری سیاسی:

گوتاری سیاسی هزرە، فیکر یان ئاراستەیە یا هەڵوێستە دەربارەی هەر بابەتێك یان تەکنیکێکی فیکری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان رۆشنبیری کە بڵاودەکرێتەوە لەمیانەی هەر بابەتێکەوە یان لێکدەدرێتەوەو دێتەدی لەرێگای ئامرازەکانی راگەیاندنەوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. رەنگە سەرچاوەکەی کەسێك بێت، یان دامەزراوەیەك بێت یان رێکخراوێکی سیاسی بێت کە ناوەرۆکی ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تیادایە، بەڵام لە هزر و هەڵوێستی سیاسی دیاریکراوەوە. (الحوثي، 1992، ل231).

(*) مەغزا: مەبەست و ئامانج.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ڕێکخستنی گوتاری سیاسی:**

پێویستە گوتارنووس بە شێوەیەکی گونجاو و ڕێکوپێك گوتارەکەی بنووسێت و زیاتر هەوڵی کاریگەری لەسەر وەرگر بدات و بە سادەیی پێشەکییەکەی بۆ بنووسێت کە سەرنجی ڕای گشتی ڕابکێشێ، و دەکرێت ئەو پێشەکییە بە گێڕانەوەی چیرۆکێک دەست پێبکات، یاخود بەوتیەکی وەرگیراو و یان بە خستنەڕووی ئامارێك کە لەلای خۆێنەر جێگەی باسەخ بێت، یان شێوازی پرسیارکردن بەکاربێنێت. و دەکرێ قسەکردن لە ئامارێک بێت، واتە دوور بێت لەو پێشەکییە کلاسیکیانەی پێشوو وەك: سڵاو، یان بە بەیانی باش دەست پێ بکات، بەڵام کۆتاییەکەی وا باشترە کە پرسیار نەهێڵێتەوە، چونکە ئەمە بواری زیاتر دەدات بە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری بەرامبەری وەرگر، پاشان بە کۆتایی هێنان بە واژوی بە شێوەیەکی ئیلهام بەخش ، بۆ خوێنەر کۆتایی پێ دێت. (سالوت، موضوع، 2020).

**بنەماکانی گوتاری سیاسی دوو ڕەگەزی سەرەکین:** (محمد، 2016، ل195).

1- ئەوەی دەدوێ و نێرەر: کەبکەری سیاسییە کە گوتاری سیاسی دەدات، یان گفتوگۆی سیاسی دەکات. یان دواندن دەدات، کە تیایاندا نامەیەکی روون دەگەیەنێت کە ئامانجی دیارە یان کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراوی هەیە.

- گوتاری سیاسی: کەپێشتر ئامادەکراوە، یان بەدواداچوونە لەسەر ڕووداوێك تازە ڕوویداوە، پێویستیان بە قسە لەسەرکردنە لەوانەیە وتووێژی ڕۆژنامە بێت لەنێوان سیاسییەك و ئەوەی دەیدوێنێ یان چەند کەسێك دەیدوێنن وەکو ئەوەی لەکۆنگرە ڕۆژنامەگەرییەکاندا ڕوودەدات.

**پێناسەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:**

پێناسەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە ڕێگە بە پەیوەندی نێوان دوو لایەن دەدات، ئەویش خودی ڕاگەیاندن و جەماوەری گشتییە یان نێرەر و وەرگرە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرانەی کە زانیاری و ڕاستی و پەیامی میدیایی لە نێوانیاندا دەگوێزنەوە و ڕاگەیاندن دەکرێت بەو پرۆسەیە پێناسە بکرێت کە تێیدا زانیارییەکی شایستەی بڵاوکردنەوە لە زانین و مەعریفەی خۆی کۆبکرێتەوە و پاشان لە زانیاری خۆی کۆبکرێتەوە و پاشان بگوازرێتەوە و شیبکرێتەوە و دەستکاری بکرێت و پاشان لە ڕێگای ڕۆژنامە یان ڕادیۆ یان تەلەفزیۆنەوە بڵاوبکرێتەوە و بگوازرێتەوە بۆ ڕای گشتی. (حجاب، موضوع، 2018).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**رۆژنامە:**

رۆژنامە بریتییە لە: ئەو بڵاوکراوانەی کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بەدوای یەکدا، بەناونیشان و رێکەوتی دەرچوون و ژمارەی زنجیرەی دەرچوون و ناوی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەرو تیراژ، لەبوارە جۆراوجۆرەکان دەردەچن بە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکانیشەوە. (سەپان،2006، ل4).

**هۆکارەکانی پشت بەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن:**

بەپێ توێژینەوەکان، چەند هۆکارگەلێك هەن کە جەماوەر پشت بە ئامرازەکانی راگەیاندن دەبەستێت کە بریتین لە: (باوزیر، 2013، ل84-85).

گۆڕانی کۆمەڵایەتی رێژەی پشت بەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندنی زیاتر کردووە، و کاریگەری لەسەر تاکەکاندا هەیە، و کاریگەری پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان کەمتر دەکاتەوە.


گۆڕانکارییە سیاسییەکان باردۆخێکی ناجێگیر دروست دەکات و وا لە تاکەکان دەکات کە زیاتر هەستیار بن لەبەرامبەر ئامرازەکانی راگەیاندن و بەو میدیا زیاتر کاریگەر دبن..

تێۆری پشتبەستن ئەوە دەسەلمێنێت کە تاکەکان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی راگەیاندن، ئەوەش وایکرد کە ئامرازەکانی راگەیاندن زیاتر رۆڵی بەرچاو بگێرێت لەژیانی تاکەکان و لەبەرامبەردا کاریگەری ئامرازەکانیش زیاتر بوون لەسەر تاکەکان.

لەڕووی بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکاندا، جەماوەر پشتی بە ئامرازە میدیاییەکان بەستووە، و هەرچەندە کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی راگەیاندن زیاتر بێت، رۆڵ و کاریگەری ئامرازەکان زیاتر دەبێت، بۆیە دەکرێ بڵێین پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان قەبارەی پشت بەستن ویلەی کاریگەری ئامرازەکانی راگەیاندن لەسەر هەر پرس و دۆزێك و لەهەر کاتێکدا هەیە.

دێلفەر و رۆکچ پێشنیاری ئەم مۆدیلەی خوارەوەی دەربڕینی سەربەخۆیی نێوان میدیا و جەماوەر و کۆمەڵگا دەکات. (Malvin L.Defleur, 1977: 264).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری (1) مۆدیلی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان رایگەیاندن و جەماوەر و کۆمەڵگا

**بنەماکانی پەیوەندی پشت بەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن:**

تیۆری پشت بەستن جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئامرازەکانی راگەیاندن و جەماوەر دەکاتەوە، و سیستەمی کۆمەڵایەتی بەهەندێ تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتییەوە دەرکەوتووە، بە پشت بەستنی هاوبەش کە بنەمای کۆمەڵگەی نوێ دەیسەپێنێت، و جەماوەر پشت بە ئامرازەکانی راگەیاندن دەبەستن وەکو دەلاقەیەك بۆ زانین و دەروازەیەکی دیکەی زانینیان ژینگەی دەوروبەریانە.

بەم شێوەیەیە ئامرازەکانی راگەیاندن وەکو سەرچاوەی سەرەکی زانیاری وایە کە جەماوەر پشتی پێ ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و رووداوەکانی رۆژەڤ، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری، راگەیاندن لەگەڵ سیستەمەکانی تری وەک سیستمی ئابووری، سیاسی و ئاینیدا کارلێک دەکات و لەوێدا پەیوەندی دوولایەنە لە نێوان راگەیاندن و جەماوەر دروست دەبێت. (السيد، 1998، ل317 -330).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی چوارەم:

ڕۆژنامەی خەبات وەك زمانحاڵ

پارتی دیموکراتی کوردستان، دوای 14ی تەمووزی 1958، ویستی سوود لەو بارودۆخە نوێیە وەربگرێت، کە دوای نەمانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق، هاتبووە پێشەوە. بۆیە هەوڵیدا ڕۆژنامەی خەبات دەربکات، کە لە کۆنگرەی 3ی ساڵی 1953 لە کەرکووك بڕیاری دابوو، خەبات زمانحاڵی حزب بێت.

بۆ ئەو مەبەستە هەر لە ئابی 1958ەوە، داوایەکی پێشکەش بە سەرۆك وەزیر و وەزیری ناوخۆ بەوەکالەت عەبدولسەلام عارف کرد، بەڵام ئەویش ڕەتی کردەوە. دوای ئەوەی جارێکی دی لە 1959 داوایەکەی پێشکەش کردەوە، ڕۆژی 11ی کانوونی دووەمی ئەو ساڵە، وەزارەتی ئیرشاد ڕەزامەندیی دەربڕی. دوای نزیکەی 3 مانگ لە مۆڵەتدان بە دەرچوونی خەبات، ڕۆژی 1959/4/4 یەکەم ژمارەی لەبەغدا دەرچوو. لەبەر ئەوەی پارتی مۆڵەتی کارکردنی نەبوو، نەدەکرا لە ڕووی یاساییەوە خاوەنداریەتیی خەبات بکات، بۆیە پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد، وەك سکرتێری حزب ڕۆژنامەکەی بەناوی خۆی کردبوو، ئەو ئەرکەی خستبووە ئەستۆی خۆی. کاتێ مۆڵەتیش بە حزب دراوە، دەستەی دامەزرێنەر وەزارەتی ئیرشادی ئاگاداری کردۆتەوە، کە ئیبراهیم ئەحمەد تەنازولی لە خەبات کردووە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی خەبات بە ڕەسمی ببێتە ڕۆژنامەی حزب، ئیبراهیم ئەحمەدیش لای خۆیەوە داوای کردووە ڕەزامەندیی لەسەر ئەو تەنازولە پیشان بدرێ. (احمد، ملاحق، 2013).

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەو چاپەمەنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەڕۆژانی ئاشکرای دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات لە 4ی نیسانی 1959دا، پارتی چاپخانەیەکی کڕیووەو لەبەغدا دایمەزراندووە، لەبەر بارودخی سیاسی وەك موڵکی (ڕەشید عارف) (*) تۆمار کراوە، و ناویشی لێنراوە سەلاحەدین، بەڵام بە داخستنی ڕۆژنامەی خەبات لە 23/ئاداری 1961و ستاندنەوەی موڵەتی کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و تێکچوونی نێوان حکومەتی قاسم و کورد، ئەو چاپخانەیەش دەستی بەسەردا گیراوەو بە زیادکردنی ئاشکرا فرۆشراوە. (ڕامان، 1998، ل223).

---

(*) ئەندازیارو بەڵێندەرێکی کوردی خەڵکی کۆیە بووەو لەبەغدا ژیاوە (1904-1982).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای هەڵگیرسانی شۆڕش بۆ ئەو مەبەستە ئەندامێکی پارتی بەناوی ئەحمەد خەیات – کە بەئەحە بچکۆلی خەیات بەناوبانگ بووە، لەسەر داوای سەرکردایەتی پارتی هەندێ پێداویستی چاپی لەبەغداوە بە قاچاغ برۆدتە سلێمانی و لەخانوویەکی نهێنی حزبی لەگەڕەکی دەرگەزین، لەسەردابێکدا ژمارەکانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولیان دەرکردووە. (شاویس، 1998، ل54-55).

رۆژنامەی خەبات، کە وەك رۆژنامەیەکی رۆژانە دەرچووە. لەسەرەتاوە، نەیتوانیوە رۆژانە دەربچێت، بەڵکو سەرەتا لە هەفتەیەکدا دوو جار دەرچووە. هەروەك لەژمارەی یەکەمدا نووسراوە: "لەبەر نەبوونی چاپخانەیەکی تایبەتی داخمان ناچێ، کە ناتوانین هەموو رۆژێك -خەبات - دەربکەین، بۆیە بەناچاری هەتا ئەم تەنگوچەڵەمەی چاپە بەسەر ئەچێ، رۆژی شەموان و سێ شەموان دەرئەچێ". دوا ژمارە کە بە کوردی دەرچوو‌بێت ژمارە 111 بووە، کە رۆژی چوارشەممە 1959/12/2 دەرچووە، دواتر بە عەرەبی دەرچووە.

گۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە 4 تا 7ی 10ی 1959 لە بەغدا بەسترا. ئەو گۆنگرەیە، یەکەم گۆنگرە بوو، کە مستەفا بارزانی وەك سەرۆکی پارتی، بەشداری گۆنگرەکە بکات، چونکە لە 3 گۆنگرەی پێشووتر لە یەکێتی سۆڤیەت بوو. یەکێك لەبڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە، دەستکاریکردنی ناوی پارتی بوو لە (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) کرایەوە (پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق)، کاتێ گۆنگرەی چوار بەسترا، (خەبات) 10 مانگ بوو، مۆڵەتی وەرگرتبوو، شەش مانگ بوو دەرچوو بوو.

دوای دەرچوونی یاسای کۆمەڵەکان، لەلایان حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە. لەسەر هەر حزبێك پێویست کرا، بۆ ئەوەی بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی یاسایی کار بکات، داوایەك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکات و رەزامەندی وەربگرێت. بۆیە لە لایەن مستەفا بارزانی، بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی پارتێك بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق) داوایەك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرا، کە واژۆی 10 کەس وەك دامەزرێنەرو 50 کەس وەك لایەنگری لەسەر بوو. (وەسانی، 2021، ل29-34).

پارتی دیموکراتی کوردستان دوای وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن، ئینجا ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی پێنجەم کرا، هەرچەندە هێشتا هەشت مانگ بەسەر کۆنگرەی چوارەمدا تێنەپەڕی بوو. هۆی گرێدانی گۆنگرە دوای ئەو ماوە کورتەی نێوان کۆنگرەی چوارەم و پێنجەم، تەنیا تایبەت بوو بە وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی، کە پێویست بوو، دوای وەرگرتنی مۆڵەت و کارکردن بە ئاشکرا و یاسایی، کۆنگرە ببەستێ.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رۆژنامەی خەبات، ساڵێك پێش مۆڵەت وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان، مۆڵەتی دەرچوونی بە ئاشکرای وەرگرتووە. بۆیە لەماوەی ئەو ساڵەدا، کە خەبات دەرچووە، هێشتا پارتی مۆڵەتی یاسایی نەبووە، کە بە ئاشکرا کار بکات. هەر لەبەر ئەوەش بووە، لەو ماوەیەدا، لە خەبات نەنووسراوە زمانحاڵ. (احمد، ملاحق، 2013).

لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ توێژەری بواری رۆژنامەگەری کوردی عەبدوڵڵا زەنگەنەو بە پشت بەستن بە ئەرشیفی بەردەستی، بۆمان دەرکەوت، کە لە ژمارە 167ی خەبات، کە لە 10ی شوباتی 1960 دەرچووە، بۆ یەکەم جار لەسەری نووسراوە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەت وەردەگرێت، دەبێتە خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی خەبات. کەچی تا ماوەیەکیش لەسەر رۆژنامەکە نووسراوە ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر، بەڵام پاش دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر ئینجا تەنیا وەك سەرنووسەر ناوی ماوەتەوە. کەواتە، راستە رۆژنامەی خەبات، چونکە لە ساڵی 1953 لە کۆنگرەی 3 ی پارتی لە کەرکووك، بریاردراوە زمانحاڵی پارتی لە (رزگاری)یەوە بکرێتە (خەبات)، بەڵام دوای ئەوەی پارتی لە 9ی شوباتی 1960 مۆڵەتی کارکردنی بە فەرمی وەرگرتووە، پاش دەرچوونی 166 ژمارە، لە ژمارە 167ی رۆژی 10ی شوباتی 1960، رایگەیاندووە، کە زمانحاڵی پارتی دیموکارتی کوردستانە. (الجاف، التاخي، 2014).

چەند گوتارێکی رۆژنامەوانی رۆژنامەی خەبات لەسەرخستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە دوو توێی پرسی ریفراندۆمی کوردستاندا:

* لەژمارە (5347)، و لاپەڕەکانی (1)ی رۆژنامەی خەباتی رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی 2017/9/13، گوتاری رۆژنامەوانی سەرۆك بارزانی پشتگیری لەڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لە کەرکوك بڵاوکرایەوە:

.. هاتوین بۆ پارێزگاری کەرکوك، تاکو گوێ لە پێشنیازی هەمووان بگرین، کەئەوە تەنها بڕیاری یەك گەڵ نییە، بەڵکو بڕیاری هەمووانە لەهەرێمی کوردستان بەسەرجەم نەتەوەو پێکهاتەکان.. سەبارەت بە هەڕەشەو هەڵوێستی ئەو لایەنانەی کەدژایەتی خواستی گەلی کوردستان دەکەن لەئەنجامدانی ریفراندۆم، رێگە بەهیچ کەسێك نادەین رێگریی بکات لە دانیشتوانی کەرکوك لەوەی چارەنووسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆیان دیاری بکەن و لەبەرامبەر هەر هەڕشەیەك هەرێمی كوردستان مافی بەرگریکردن لەخۆی بەکار دەهێنێت.

شیكردنەوەی ناوەڕۆك: (سەرۆك بارزانی لەم گوتارە مەبەستییەتی بە دانیشتوانی و پێكهاتەكانی كەركوك بڵێ، ئێرە و ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەو دەرەنجامی دەنگدان بۆ ئێمە زۆر گرنگە، سەرۆك دەیەوێ بە هەموو نەتەوەكانی دیكە بڵێت ئێوەش لەژێر چەتری ریفراندۆم پارێزراو دەبن و مافی خۆتان پێ دەدرێت. هەروەها سەرۆك لێرەدا راستەوخۆ زمانی هەڕەشە بەكار دێنێت، جیا لەو دەستەواژەو زمانەی كە لە سەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردستان بەكاری دەهێنا.. سەرۆك لەقسەكانی بەنەرمی بە پێكهاتەكان دەڵێت و پەیامەكەشی راستەوخۆ بۆ بەغدایە كە ئەگەر بەغدا رێگری بكات، ئێمە هەڵبژاردەی دیكەمان لەپێشە..

سەرۆك بارزانی ئەم گوتارو چاوپێكەوتنەی زۆر جیاوازە لەگەڵ وتارو گوتارەكانی دیكەی هەڵمەتی ریفراندۆم، لێرە دەستەواژەكان گەرموگوڕیی و بێ باكییەكی پێوە دیاربوو، سەرۆك بە مەبەست لێرە ئەو دەستەواژانە بەكار دێنێت و دەزانێت چۆن بانگەشە بۆ ریفراندۆم دەكات).

.. كەس بوونی كوردی لەبەغداو لەژێر حوكمڕانی دەوڵەتی تایەفی ناوێت، ئێمە رێز لەهەموو ئەو بۆچوونانە دەگرین كە لەگەڵ ریفراندۆم نین، بەڵام دەبێت رێز لەبڕیاری زۆرینەش بگرین.

دانیشتوانی كەركوك خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن و رێگە نادەن كەس رێگریی لەدیاریكردنی چارەنووسیان بكات و لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەك هەرێمی كوردستان مافی بەرگریكردن لەخۆی بەكار دەهێنێت.

شیكردنەوەی ناوەڕۆك: (گوتار بێژ لەم گوتارە بەراوردێك لەنێوان دیدگای كورد و عەرەب بكات، بەغدا كوردی ناوێت و شەراكەت و پێكەوەژیانی لەگەڵ كورد ناوێت، كەچی كورد ئامادە لەگەڵ هەمووان برا بێت.. دانیشتوانی كەركوك هان دەدات كە مافی خۆیان بەكار بهێنن، و لەهیچ نەترسن، ئەگەر هەر هەڕەشەیەك بووە جێگەی مەترسی لەسەرتان، كوردان دەستەوەستان ناوەستن و بەرەنگارییتان لێ دەكەن).

**لایەنی مەیدانی:**

**یەکەم: وەسفکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە وتارە رۆژنامەوانییەکانی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە ریفراندۆم:**

خشتە و وێنەی ژمارە (1) دووبارە بوونەوەو رێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و رێژەی لەگەڵ بوون نیشان دەدات بەپێی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت پرسیارەکانی تایبەت بە وتارە رۆژنامەوانییەکانی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە ریفراندۆم وبەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە (3.82) (هاوڕام) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لێتوێژەران (هاوڕان) لەگەڵ لایەنی پۆزەتیفی وتارە رۆژنامەوانییەکانی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە ریفراندۆم و بەڕێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (76.32%) (باشە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە (1.14) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی لێتوێژەران بەشیوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن و (وێک چوون) لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ...

سەبارەت بە پرسیارەکان، پرسیاری بیست و چوار X24: (پەیامەکانی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە ریفراندۆم روون بوون) بە پلەی یەکەم دێت پشت بەست بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (4،01) (هاوڕام) و بەڕێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (80،16%) (زۆرباشە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.040)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رۆژنامەکە کاریگەریی هەبووە لەسەر پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و ناساندنی رەهەندەکانی ئەو پرسە بە خوێنەران و جەماوەری کوردی. چونکە زۆر گرنگە هەر دەزگاو ئامرازێکی رۆژنامەوانی پەیامەکانی بە زمانێکی روون و ئاسان بڵاو بکاتەوە، تاکو زۆرترین چین و توێژی کۆمەڵگە لە ناوەڕۆکی پەیامەکان بەئاسانی بگەن و هیچ وشەو دەستەواژەیەك نەبێت کە ببێتە مایەی نامۆیی و تێنەگەیشتنی لەلای خوێنەر.

سەبارەت بە پرسیاری بیست و دوو X22: (سەرکەوتووانە هەڵمەتی راگەیاندنی پرسی ریفراندۆمی ئەنجامدا) بە پلەی دووەم دێت پشت بەست بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (3،95) (هاوڕام) و بەڕێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (78،94%) (باشە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.105)، سەبارەت بەم پرسیارە رۆژنامەی خەبات پێوەری باشەی بەدەست هێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو رۆژنامەیە کەسانێکی پسپۆڕو خاوەن ئەزموون و زیرەك کاری تێدا دەکەن، و خشتەی کارکردنیان بە پلانەو هەنگاو بە هەنگاو کاریان لەسەر چۆنیەتی سەرکەوتنی هەڵمەتی پرسی ریفراندۆم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردووە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەگەر بە ئەکادیمی و پلان دانانەوە کار لەسەر هەر پرسێك بکەن، بەو شێوە سەرکەوتن بە دەست دەهێن..

سەبارەت بە پرسیاری شەشەم X6: (بوێرانە پرسی ریفراندۆمی تاوتوێ کرد) بە پلەی سێیەم دێت پشت بەست بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (3،92) (هاوڕام) و بەڕێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (78،43%) (باشە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.167)، سەبارەت بەم پرسیارە رۆژنامەی خەبات پێوەری باشەی بەدەست هێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رۆژنامەکە پیشەیی و ئەکادیمیانە کاری خۆی کردووەو هەموو بڵاوکراوەکانی لە قاڵبی بابەتی و بە ئەمانەتەوە بڵاو کردۆتەوە، هەر دەزگایەك دەبێ بێ لایەنانە زانیارییەکان بخاتەڕوو، بۆیە هەر بۆچوون و رای جیاوازێك هەبووبێ، ئەوا رۆژنامەکە لەڕێگەی شارەزایانیەوە پەی بەو پرسی و پرسیارە بردووە.

خشتەی ژمارە (1)، دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون، سەبارەت وتارە رۆژنامەوانییەکانی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە ریفراندۆم

| پرسیارەک ان | بەتەواو ی هاوڕا نیم | | هاوڕاند یم | | بێ لایەن م | | هاوڕا م | | بەتەواوی هاوڕا م | | ناوەند دی ژمێریار ی | لاداد ی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون (%١٠٠) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| X6 | 27 | 5.3% | 42 | 8.3% | 79 | 15.6% | 156 | 30.7% | 204 | 40.2% | 3.92 | 1.167 | 78.43% |
| X22 | 20 | 3.9% | 44 | 8.7% | 72 | 14.2% | 179 | 35.2% | 193 | 38.0% | 3.95 | 1.105 | 78.94% |
| X24 | 14 | 2.8% | 40 | 7.9% | 68 | 13.4% | 192 | 37.8% | 194 | 38.2% | 4.01 | 1.040 | 80.16% |
| X25 | 13 | 2.6% | 47 | 9.3% | 75 | 14.8% | 173 | 34.1% | 200 | 39.4% | 3.98 | 1.069 | 79.69% |
| X26 | 22 | 4.3% | 45 | 8.9% | 69 | 13.6% | 171 | 33.7% | 201 | 39.6% | 3.95 | 1.130 | 79.06% |
| X27 | 19 | 3.7% | 46 | 9.1% | 78 | 15.4% | 176 | 34.6% | 189 | 37.2% | 3.93 | 1.105 | 78.50% |
| X28 | 22 | 4.3% | 49 | 9.6% | 89 | 17.5% | 173 | 34.1% | 175 | 34.4% | 3.85 | 1.129 | 76.93% |
| X29 | 17 | 3.3% | 51 | 10.0% | 77 | 15.2% | 187 | 36.8% | 176 | 34.6% | 3.89 | 1.092 | 77.87% |
| X30 | 21 | 4.1% | 57 | 11.2% | 100 | 19.7% | 181 | 35.6% | 149 | 29.3% | 3.75 | 1.118 | 74.96% |
| X31 | 31 | 6.1% | 58 | 11.4% | 82 | 16.1% | 189 | 37.2% | 148 | 29.1% | 3.72 | 1.176 | 74.37% |
| X32 | 43 | 8.5% | 65 | 12.8% | 106 | 20.9% | 158 | 31.1% | 136 | 26.8% | 3.55 | 1.245 | 70.98% |
| X33 | 48 | 9.4% | 81 | 15.9% | 92 | 18.1% | 158 | 31.1% | 129 | 25.4% | 3.47 | 1.283 | 69.41% |
| X35 | 32 | 6.3% | 60 | 11.8% | 103 | 20.3% | 176 | 34.6% | 137 | 27.0% | 3.64 | 1.177 | 72.83% |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.82 | 1.14 | 76.32% |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: وەسفکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە هەڵسەنگاندنێك بۆ خودی (رۆژنامەی خەبات):**

لەخشتەی وێنەی ژمارە (6-2-32) دووبارەبوونەوە و رێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ریژەی لەگەڵ بوون نیشان دەدات بەپێی وەڵامی لێتوێژەران سەبارەت پرسیارەکانی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی خودی (رۆژنامەی خەبات) و بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە (3.72) (هاوڕام) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا لێتوێژەران (هاوڕان) لەگەڵ لایەنی پۆزەتیفی هەڵسەنگاندنی رۆژنامەی خەبات و بەرێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (74.41%) (باش) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.17) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی لێتوێژەران بەشێوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن و (وێک چوون) لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

سەبارەت بە پرسیارەکان، پرسیاری سێیەم X3: (ناوەڕۆکی پەیامەکان لە رۆژنامەی خەبات بەڕوونی بە خوێنەر دەگەیەنێت) بە پلەی یەکەم دێت پشت بەست بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (3.88) (هاوڕام) و بەرێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (77.68%) (باشە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.090)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رۆژنامەی خەبات لەسەر بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی بۆ خوێنەران نزیکەی (78%)ی بەدەست هێناوە، هەر دەزگایەکی رۆژنامەوانی گرنگ نییە چەندە بڵاو دەکاتەوە، ئەوەندەی گرنگە کە چەندە لەوەی بڵاوی دەکاتەوە دەگاتە خوێنەر، سەرکەوتووی رۆژنامە لەوە دەردەکەوێت کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکریت و بۆی دەرکەوێت کە خوێنەرانێکی زۆری لێ کۆبۆتەوەو لە پەیامەکانی ئەو دەزگایەوە خۆیان پڕ زانیاری زیاتر دەکەن.

پرسیاری چوارەم X4: (وتارەکان لەگەڵ ڕووداوی رۆژ هەنگاوی نا) بە پلەی دووەم دێت پشت بەست بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (3.88) (هاوڕام) و بەرێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (77.56%) (باشە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.104)، ئەوەش سەرکەوتوویی رۆژنامەی خەبات دەسەلمێنێت کە هاوشان بێت لەگەڵ پرسی رۆژانەو هەواڵە گەرم و هەستیارەکاندا هەنگاوی خۆی بنێت و ڕووماڵ تێرو تەسەلیان بۆ بکات، بەتایبەت بۆ پرسی ریفراندۆم و پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی.

پرسیاری حەوتەم X7: (کەسانی شارەزای بوارەکان تیایدا وتارو شرۆڤە بڵاو دەکەنەوە) بە پلەی سێیەم دێت پشت بەست بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (3.84) (هاوڕام) و بەرێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە (76.73%) (باشە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.181)، رۆژنامەی خەبات لەم

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسیارەدا پێوانەیەکی باشی بەدەست هێناوە، گرنگە ڕۆژنامەیەك ببێتە سەکۆیەکی گرنگ و پڕ متمانە تاکو کەسانی شارەزاو پسپۆڕو ڕۆشنبیرو سیاسی روو بکەنە ئەو ڕۆژنامەیەو نووسینەکانیان لەوێ بڵاو بکەنەوە. بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەو سیاسی گرنگە بتوانێ هاوسەنگی بۆ هەموو بوارو پرس و ڕووداوەکان رابگرێت.

خشتەی ژمارە (2) دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕیژەی لەگەڵ بوون سەبارەت هەڵسەنگاندنی خودی (ڕۆژنامەی خەبات)

| پرسیارەکان | بەتەواوی هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | بێ لایەنم | | هاوڕام | | بەتەواوی هاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون (%١٠٠) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| X3 | 16 | 3.1% | 56 | 11.0% | 70 | 13.8% | 195 | 38.4% | 171 | 33.7% | 3.88 | 1.090 | 77.68% |
| X4 | 17 | 3.3% | 54 | 10.6% | 80 | 15.7% | 180 | 35.4% | 177 | 34.8% | 3.88 | 1.104 | 77.56% |
| X7 | 28 | 5.5% | 53 | 10.4% | 75 | 14.8% | 170 | 33.5% | 182 | 35.8% | 3.84 | 1.181 | 76.73% |
| X9 | 73 | 14.4% | 78 | 15.4% | 77 | 15.2% | 156 | 30.7% | 124 | 24.4% | 3.35 | 1.375 | 67.09% |
| X10 | 22 | 4.3% | 49 | 9.6% | 78 | 15.4% | 212 | 41.7% | 147 | 28.9% | 3.81 | 1.089 | 76.26% |
| X11 | 26 | 5.1% | 62 | 12.2% | 87 | 17.1% | 181 | 35.6% | 152 | 29.9% | 3.73 | 1.162 | 74.61% |
| X12 | 30 | 5.9% | 77 | 15.2% | 94 | 18.5% | 156 | 30.7% | 151 | 29.7% | 3.63 | 1.220 | 72.64% |
| X13 | 19 | 3.7% | 64 | 12.6% | 80 | 15.7% | 173 | 34.1% | 172 | 33.9% | 3.82 | 1.143 | 76.34% |
| X14 | 24 | 4.7% | 58 | 11.4% | 79 | 15.6% | 185 | 36.4% | 162 | 31.9% | 3.79 | 1.147 | 75.87% |
| X15 | 31 | 6.1% | 56 | 11.0% | 89 | 17.5% | 167 | 32.9% | 165 | 32.5% | 3.75 | 1.195 | 74.92% |
| X16 | 30 | 5.9% | 51 | 10.0% | 88 | 17.3% | 198 | 39.0% | 141 | 27.8% | 3.73 | 1.145 | 74.53% |
| X17 | 18 | 3.5% | 54 | 10.6% | 82 | 16.1% | 192 | 37.8% | 162 | 31.9% | 3.84 | 1.096 | 76.77% |
| X18 | 24 | 4.7% | 73 | 14.4% | 99 | 19.5% | 186 | 36.6% | 126 | 24.8% | 3.62 | 1.142 | 72.48% |
| X21 | 30 | 5.9% | 65 | 12.8% | 82 | 16.1% | 176 | 34.6% | 155 | 30.5% | 3.71 | 1.195 | 74.21% |
| X34 | 57 | 11.2% | 82 | 16.1% | 90 | 17.7% | 145 | 28.5% | 134 | 26.4% | 3.43 | 1.331 | 68.54% |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.72 | 1.17 | 74.41% |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرەنجام:

لەدەرەنجامدا، توێژەر گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1. لەماوەی هەڵمەتی بانگەی ریفراندۆم و لەوتارەکانی سەرۆك بارزانی، هەموو زانیارییەکی پێویست و گرنگ سەبارەت بە پرس و سەرجەم رەهەندەکانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ خوێنەرو جەماوەر وەکو یەك خراوەتەڕوو.
2. کاریگەری گوتارەکانی سەرۆك بارزانی، رۆڵی گرنگی هەبووە لە سەر بەهێزکردنی هەستی نەوەیی وڵات و سەرکەوتنی دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.
3. لەوتارەکانی کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبیرو هونەرمەند، زانیارییە پێویست و گرنگانی سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بەرێژەی جیاوازو بەپێی بڕوابوونیان بەو پرسە لەنێو نووسەرەکان خراوەتەڕوو.
4. نموونەی توێژینەوەکە کە فۆرمی راپرسیان پڕکردۆتەوە، زیاتر چین و توێژانەی فۆرمەکەیان پڕ کردۆتەوە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆمن، ئەو توێژە بە کەسانی خوێندەوارو رۆشنبیرو هۆشیاری نێو کۆمەڵگە دادەنرێت.
5. تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە زیاتر لە چین و لاوان و گەنجان بوونە، ئەوانەش بە سەری رمی کۆمەڵگە دادەنرێن و پێویستە بایەخیان پێ بدرێت و تاکو ببنە قەڵایەك بۆ نیشتمان.
6. رۆژنامەی خەبات بایەخ بەناوەڕۆکێك دەدات کەلە بەرژەوەندی پتەوکردنی هەستی نەتەوەییدایە و ناوەڕۆکی پەیامەکان بەڕوونی بە خوێنەر دەگەیەنێت.
7. وتارەکان رۆژنامەی خەبات لەگەڵ رووداوی رۆژ هەنگاوی ناوە، بە بایەخەوە پانتایی بۆ دیاری کراوە.
8. رۆژنامەی خەبات کەسانی شارەزای بوارەکان تیایدا وتارو شرۆڤە بڵاو دەکەنەوە.
9. پەیامەکانی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە ریفراندۆم روون بوون.
10. رۆژنامەی خەبات سەرکەوتووانە بانگەشەی راگەیاندنی پرسی ریفراندۆمی ئەنجامدا.
11. رۆژنامەی خەبات بوێرانە پرسی ریفراندۆمی تاوتوێ کرد.
12. رۆژنامەی خەبات زیاتر بایەخ بەناوەڕۆکێك دەدات کەلە بەرژەوەندی پتەوکردنی هەستی نەتەوەییدایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

13. ڕۆژنامەی خەبات ئامرازێکی چالاك بوو بۆ شیکردنەوەو خستنەڕووی وردەکاری تایبەت بەپرسە سیاسییەکان و ریفراندۆم بە نموونە.

## سەرچاوەکان:


### کتێبی کوردی:

1. رامان, گ., 1998. دیدەنییەکی خێرا لەگەل مام سەفەر مەلا غەفووو یەکەم چاپخانەی شۆڕشی کوردستان.[Interview] (5 5 1998).
2. سەپان, د .م., 2008 .ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە 1450-1500 .هەولێر.s.n :
3. سەپان, د .م., بادینی, د .ر & .سورخی, م .ر., 2006 .پرۆژەی یاسای راگەیاندن لەهەرێمی کوردستان . هەولێر: لیژنەی پێکهاتوو بە پێی فەرمانی وەزارەتی رۆشنبیری.
4. شاویس, ر .ن., 1998 .(رزگاری) ثم (خەبات) لسان الحال الحزب الديمقراطي الكوردستاني .هەولێر.s.n :
5. کەرکووکی، ح.، 2008 .هونەری رۆژنامەنووسی، و: سەمیرە ئەحمەد .دهۆك: چ1، چاپخانەی خانی.
6. وەسانی, د .م., 2021 .خەبات بەردەوامە، پوختەیەك دەربارەی رۆژنامەی خەبات .(1959-2019) هەولێر: چ1.

### کتێبی عەرەبی:

1. أدهم, م., 1979 .فنون التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق .القاهرة :د. ن.
1. باوزير, و ع. ا. 2013 ,.دور الدعاية الانتخابات في تفعيل المشاركة السياسية في اليمن .القاهرة: رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الإعلام، قسم العلاقات والاعلان.
2. الحوثي، ع.، 1992 .الخطاب الاعلامي السياسي في الجمهورية اليمنية .دراسة غير منشورة، جامعة صنعا المحرر اليمن: اسم غير معروف
3. خضور, ا., 2002 .الاعلام العربي الموجه الى الاخر ـ مقارنة منهجية .In: مجلة الاذاعات العربية .تونس : s.n., p. 53.
4. عبدالجبار, ح., 2011 .اتجاهات الاعلام الحديث و المعاصر .الاردن: دار اسامه للنشر والتوزيع.
5. فاروق, أ .ز., 1990 .فن الكتابة الصحفية .القاهرة: ط 4. : عالم الكتب..
6. محمد, د ص. ا. 2016 ,.تسويق الخطاب الاعلامي للاحزاب السياسية .عمان: دار امجد للنشر و التوزيع.
7. الوادي, ج., 2000 .الخطاب الاعلامي وادارة الازمة السياسية الدولية، رسالة دكتوراه غير ميشورة .بغداد: كلية الاداب، قس الاعلام.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**کتێبی ئینگلیزی:**

Malvin L.Defleur, S. J. R., 1977. Theories of Mass Communication. Longman: 3rd,New York.1.

**پێگەو ماڵپەرەکان:**

1.احمد, ف .م.
, 2013 .ابراهيم احمد وصحيفة خه بات (النضال) [Online] .
Available at: https://almadasupplements.com/view.php?cat=7207
[Accessed 7 4 2013].

2.حجاب, ح., 2018 .
وسائل الاعلام والاتصال تعريف .[Online]
Available at:
https://mawdoo3.com/%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81_%D9%88%D8%B3%D8%A7%D8%A6%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%85_%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%84 [Accessed 11 4 2018].

3.الجاف, ف .ع.
, 2014 .جريدة خبات توقد شمعتها الخامسة والخمسين من عمرها المديد في نشر الوعي الوطني والقومي .
[Online] Available at: http://www.altaakhipress.com/viewart.php?art=47301
[Accessed 6 4 2014].

4.احمد, ه.
الخطأب، موقع مركز النور الاعلامي تحليل ,. 2009 .[Online]
Available at: http://www.alnoor.se
[Accessed 10 3 2012].

5.سالوت, و., 2020 .
كتابة الخطاب كيفية .[Online]
Available at:
https://mawdoo3.com/%D9%83%D9%8A%D9%81%D9%8A%D8%A9_%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%AE%D8%B7%D8%A7%D8%A8
[Accessed 1 6 2020].

7.شومان, م., 2015 .

نحلل الخطاب الاعلامي كيف. [Online]
Available at: https://www.youm7.com/story/2015/7/19/%D9%83%D9%8A%D9%81-%D9%86%D8%AD%D9%84%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%AE%D8%B7%D8%A7%D8%A8-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%85%D9%89/2270318
[Accessed 6 2015].

## Role of Kurdish Journalism in Strengthening Referendum Process

**Hawkar Yaseen Shareef**
Assistant Professor at Salahaddin University/Department of Media / Kurdistan Region of Iraq
hawker.sharif@epu.edu.iq

**Magedad Khther Ahmad Sapan**
Assistant Professor at Salahaddin University/Department of Media \ Kurdistan Region of iraq
magded.sapan@su.edu.krd

***Keywords:*** *Journalist's speech, role, sermon, process, referendum.*

## Abstract

This research focuses on referendum process for independency on 25-09-2017 in the Kurdistan, where most of the people within Kurds, Arabs, Turkmen, and Syrians voted. It was such a unique incident where the region voted to announce its independency from the central government where there are many countries have not witnessed it. This research focuses on an issue where the researcher attempts to demonstrates through this research, which is the Kurdish journalism and Khabat newspaper which is issued in Kurdish language and was capable of shed light on this incident especially during the voting campaign.

The objective of this research is the level of successfulness of Khabat newspaper during the voting campaign and the impact of the newspaper's activities as articles, reports, and interviews during that period. For this, the researcher has used descriptive method through forming questionnaire and distributing amongst readers of Khabat newspaper.

The questionnaire consists of two main parts, general information part as gender, age, place, profession, and education level, and the second part is concerning Khabat newspaper during the referendum period, and 508 forms were distributed and the research sample were:

(Journalist, employees, people with free job, university professors and students) in Erbil province as the research was conducted in Erbil and Khabat newspaper is in Erbil as well. The result of the research showed that Khabat newspaper was successful in demonstrating the process and the yes and no were cleared to the president of the Kurdistan region and people.

## دور الخطاب الإعلام الكوردي في إنجاح عملية الاستفتاء، جريدة خبات أنموذجا

**ملخص البحث:**

إن هذا البحث يسلط الضوء على عملية الاستفتاء، والتي أجريت في كوردستان بتاريخ 25/ 9/ 2017، إذ صوت فيها نسبة كبيرة من الشعب الكوردستاني، إذ كانوا يتطلعون إلى كوردستان مستقل منفصل عن الحكومة المركزية، وهذا بحد ذاته محفل تاريخي نادر.

إن الباحث من خلال هذه الورقة البحثية قام ببيان دور الخطاب الإعلام الكوردي في إنجاح عملية الاستفتاء، جريدة خبات أنموذجا، وهذه الجريدة هي جريدة يومية باللغة الكوردية، وناطقة باسم الحزب الديمقراطي الكوردستاني.

إن الهدف من هذا البحث هو معرفة مستوى التأثير لمقالاتها بأسس منهجية حول هذه العملية، إلى جانب إظهار دور مدى نسبة تلك المقالات واللقاءات خلال هذه المدة.

ولأجل تحقيق هذه المسألة، استخدم الباحث المنهج الوصفي المسحي من خلال استمارات الاستبيان، وتوزيعها على عينة البحث؛ شرط أن يكونوا من قراء صحيفة خبات.

إن استمارة الاستبيان تتضمن محورين رئيسين، المحور الأول هو محور المعلومات العامة، والذي يحدد من خلالها العمر، والمكان، والمهنة، ومستوى التعليم. وأن المحور الثاني تضمن مقالات صحيفة خبات، وآليات تغطيتها للاستفتاء خلال سيرورتها.

لقد تم توزيع 508 استمارة على عينة البحث، متضمنا: (الصحفيون، الموظفين، أصحاب المهن والسوق، السياسيون، أساتذة الجامعات، الطلبة)، في مدينة أربيل، باعتبارها عاصمة الإقليم، كما وأن الجريدة تصدر في أربيل و لم يعاد 20 استمارة من المجموع 508 استمارة.

وفي النهاية، توصل البحث ألى أن الصحيفة قد نجحت جراء مقالاتها وتغطياتها لهذه العملية من خلال تحليلها، وعرض استفتاء الاستقلال بنعم أو لا.